

## تۆماس دۆنلی: بەڕێوەبەری گرووپی سیاسی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا بۆ گوڵان:

# گرنگ ئەوەیە کورد بتوانێت دەسکەوتەکانی بپارێزێت نەک بە بڕیارێک دەسکەوتەکانی بخاتە مەترسییەوە

**تۆماس دۆنلی کە یەکێکە لە بەرپرسەکانی ئەمەریکا و چەندین پۆستی جیاوازی لە حکومەتی ئەمەریکادا بەڕێوە بردووە، تۆژەر و شرۆڤەکاریشە لە بواری سیاسەتی ئەمنی و بەرگریداو هەر لە چوارچێوەی ئەم بوارەی خۆیشیدا وەک میدیاکارێک لە بواری کاری میدیای سەربازیدا وەک** Armed Force Journal، **هەروەها** Defense News **کاریکردووە.**

**لە ناو ئەنجوومەنی نوێنەرانیشدا «کۆنگرێس» بەڕێوەبەری گرووپی سیاسی لیژنەی خزمەتی سەربازی بووە و لە ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦یشدا ئەندامی ئابووری و پێداچوونەوەی ئاسایشی نێوان ئەمەریکا و چین بووە.**

**دۆنلی سەبارەت بە کێشەی عێراق بایەخێکی زێدەگرنگ بە کێشەی عێراق دەدات و لەسەر ئۆپەراسیۆنی ئازادیی عێراق کتێبێکی نووسیوە بەناوی «**Operation Iraqi Freedom**».**

**بۆ هەڵسەنگاندنی و تاوتوێکردنی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق و ئاییندەی هەرێمی کوردستان، گوڵان هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ بەڕێز تۆماس دۆنلی سازکرد کە ئەمە دەقی بۆچوونەکانیەتی.**

### وێڕای هەموو ئاستەنگەکان پێویستە ئەمەریکا لە عێراقدا بمێنێتەوە

ئەگەر لەو مەزندانە بچینە دەرەوە کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دەبێتە کارەسات، ئەوا مانەوەی هێزەکانیشی لە عێراقدا و بەپێی ئەو سیاسەت و بەرنامەیەی ئێستا لە عێراقدا بەڕێوەدەچێت دیسان کارەساتێکی دیکەیە، ئەمە وێڕای ئەوەی ئیدارەی ئەمەریکی گوشارێکی گەورەی کەوتۆتە سەر بۆ ئەوەی عێراق بە جێ بهێڵێت.

دەربارەی ئەو گوشار و ئاستەنگانەی لەبەردەم سیاسەتی ئەمەریکادان لە عێراقدا تۆماس دۆنلی بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو:

«ئەمە بۆچوونی منە بەرامبەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا و دەڵێم، وێڕای هەموو ئاستەنگەکان و، وێڕای هەموو فشارەکانیش، دەبێ ئەمەریکا لە عێراقدا بمێنێتەوە و پێویستیشە لە عێراقدا بمێنێتەوە، هەر ئەمەش بەو رێگەی راستە دەزانم، کە لە کۆتاییدا بەرەو سەرکەوتنمان دەبات.

هەر بۆیە ئاشکراکردنی ئەم مەسەلەیە و بە راشکاوی راگەیاندنی، بەوەی ئەمەریکا لە عێراقدا دەمێنێتەوە و مانەوەکەش پێویستە، بایەخێکی زۆر گرنگی بۆ گەلانی عێراق و هەرێمەکەش دەبێت و زیاتریش بۆ گەلی ئەمەریکا.

لەم چوارچێوەیەدا من وا هەستدەکەم ئەگەر ئەمەریکا ئەم ستراتیژە پیادە بکات، ئەوا ئەگەر سەرۆک بوش ئیدارەی ئەمەریکیش لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بەجێ بهێڵێت و سەرۆکێکی نوێ بێتە کۆشکی سپی، ئەوا حکومەتی عێراق دۆستی ئەمەریکا دەبێت، ئەم دۆستایەتیەش بۆ ئەمەریکا زۆر گرنگە.

### بارودۆخی دوای رژێمی سەدام بێ متمانەیی نێوان گەلانی عێراق بوو

لەبەر ئەوەی ئەمەریکا بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش پرۆسەی ئازادیی عێراقی گۆڕی بۆ پرۆسەیەکی داگیرکاری «کە بەڕای زۆربەی چاودێران هەنگاوێکی هەڵەبوو» ئاسایش و سەقامگیری بارودۆخی دوای گۆڕینی رژێمی سەدام حوسێن لەسەرشانی ئەمەریکایە، کاتێکیش ئەم ئامانجە بەدینەهات، ئەوا چاودێران و شرۆڤەکاران مافی خۆیانە بڵێن سیاسەتی ئەمەریکا فەشەلی هێناوە.

دەربارەی بارودۆخی ئاڵۆزی دوای رژێمی سەدام حوسێن، تۆماس دۆنلی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

«من دەزانم بارودۆخی ئێستای عێراق چەند سەخت و ناخۆشە، بەڵام ئەم

بارودۆخە ئاڵۆزە هەمووی بەرەنجامی شکستی سیاسەتی ئەمەریکا نییە، بەڵکو دەرهاوێشتەی ئەو حوکمڕانییە خراپەیە کە رژێمی سەدام حوسێن لە ماوەی زیاتر لە ٣٠ساڵدا دژی گەلانی عێراق پیادەی کردووە و وایکرد کە هیچ متمانەیەک بۆ پێکەوەژیان لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراقدا نەمێنێ، بەتایبەتی لە نێوان کورد و عەرەبی سوننە، هەروەها لە نێوان عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە، هەروەها لە نێوان عەرەبی سوننە و هەندێک لەو رێکخراوە تیرۆریستییانەی وەک قاعیدەش.

ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە رێگەچارەی کەمی هێشتۆتەوە بۆ ئەوەی بتوانرێت عێراقییەکان پێکەوە بژین و زۆر زەحمەتیشە بتوانن پێکەوە بژین، هەر ئەمەش بەو ئاراستەیەمان دەبات بیر لە دابەشکردنی عێراق بکرێتەوە.

## سەرکردایەتی کورد لە چاوەڕێی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی ئەمەریکادان

هەرێمی کوردستان بێجگە لەوەی بەشە ئارام و سەقامگیرەکەی عێراقە و ئەزموونێکی دیموکراسی لەسەر بنەمای بازاڕی ئازاد و رێزگرتنی بنەماکانی مافی مرۆڤی تیایدا بەرێوە دەچێت، لە هەمانکاتدا لەسەر ئاستی سیاسی گەل و حکومەتی کوردستان خۆی بە هاوپەیمانێکی نزیکی گەل و حکومەتی ئەمەریکا دەزانێت، هەر بۆیە کورد مافی خۆیەتی چاوەڕێی ئەوە بێت هاوپەیمانەکەی هەنگاوی ئیجابی زیاتر بەرەوڕووی هەڵبگرێت.

دەربارەی ئەم تێڕوانینەی کورد بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمەریکا، تۆماس دۆنلی گوتی: «راستە کورد باشترین و گرنگترین هاوپەیمانی ئەمەریکایە لە ناوچەکەدا، دەبێ ئەم هاوپەیمانییە بەردەوامیش بێت، بەڵام هەندێک جار تێڕوانینی کورد کە لەم مەسەلەیەدا چاوەڕێی دەکات بزانێت سیاسەتی ئەمەریکا بەرەو کوێ دەچێت، ئەم چاوەڕوانییەی کورد بۆتە هۆی نیگەرانییەک سەبارەت بە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، هەر بۆیە پێموایە پێویستە هاریکاری کورد بکرێت بۆ ئەوەی ئەم نیگەرانییە بڕەوێتەوە، رەواندنەوەی ئەم نیگەرانییە دەبێتە مۆدیلێکی ئومێد بەخش بۆ هەردوو کۆمەڵگەی عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقیش، هەروەها دەبێتە شێوازێک بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانەی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقیش، لە هەمانکاتدا من وا دەبینم کورد زۆر خوازیاری سەربەخۆییە، بەڵام سەرکردایەتی سیاسی کوردستان فیدرالیزمی پەسەند کردووە، پێموایە ئەم هەنگاوەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەنگاوێکی لۆژیکانەیە و، دەبنە هاوپەیمانێکی نزیکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، بۆ ئێستای کوردیش گرنگ ئەوە نییە چی دەخوازێت ئەوە بە دەست بهێنێ، گرنگ ئەوەیە ئەوەی بە دەستت هێناوە بیپارێزێت.

## زەحمەتە عێراقییەکان بتوانن پێکەوە بژین بەڵام لەوە زەحمەتتر ئەوەیە جیاببنەوە

پاراستنی دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان و مانەوەی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا، بەندە بە ئاستی پابەندبوونی حکومەتی عێراق بە دەستوور و جێبەجێکردنیەوە بەتایبەتی گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچەکانی دیکە، بۆیە کورد بەردەوام بە دوای رێگە چارەیەکدا دەگەڕێت کە گەرەنتی پاراستنی مسۆگەر بکات، لەسەروو هەمووشیانەوە هاریکاری و پشتگیری ئەمەریکا لە رووی سەربازی و لۆجستییەوە دەربارەی ئەم مەترسییانەی کورد لێیان دەترسێت، تۆماس دۆنلی گوتی: «وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەمەریکا پێویستە لە عێراقدا بمێنێتەوە ئەمەش واتە مانەوەی لە هەموو عێراقدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە، **ئەمەریکا ناتوانێت لە بەشێکی عێراق بکشێتەوە و لە بەشەکەی دیکەی بمێنێتەوە، ئەگەر وایکرد دەکەوێتە ژێر گوشارێکی گەورە بۆ ئەوەی ئەو بەشەش بەجێ بهێڵێت،** ئێستا کورد لە عێراقدا توانییوتیەتی ناوچەیەکی ئارام و سەقامگیر دابین بکات، ئەمەش رۆڵێکی گرنگ لە پەیوەندی نێوان ئەمەریکا و کورددا دەگێڕێت.

ئێستا ئێوە خۆتان دەزانن هەر چوار دەورتان دوژمنی ئێوەیە، بۆیە هەنگاو هەڵگرتن بۆ سەربەخۆیی دەبێتە کارێکی ترسناک، بەتایبەتی ئەگەر ئەمەریکا ناچاربوو بکشێتەوە بەرژەوەندی ئێستای کورد لەگەڵ بەرژەوەندی هاوبەشی هەموو عێراقە، تەنانەت لە مەسەلەی کەرکوکیشدا، کە مەسەلەیەکی زۆر قورس و ئاڵۆزە، ئەگەر کەرکوک بگەڕێتەوە و کوردستان بڕیاری سەربەخۆیی بدات، ئەوا کۆمەڵگاکانی دیکەی عێراق زەرەرمەند دەبن، بەڵام ئەگەر کوردستان بەشێک بێت لە عێراق مەسەلەکە ئاراستەیەکی دیکە وەردەگرێت، من دەزانم مەسەلەی پێکەوەژیانی عێراقییەکان کارێکی **زەحمەت و ئاڵۆزە، بەڵام جیابوونەوەشیان خراپترە، لەبەر ئەوەی ناتوانن بە جیا بژین و هەر لایەک بە جۆرێک مەترسی دەکەوێتە سەر.**

بۆیە پێموایە ئێستا قۆناغێکی زۆر ترسناکە و پێویستە عێراقییەکان هەوڵبدەن کە بتوانن پێکەوە بژین و وڵاتەکەیان لەو توندوتیژی و ئاڵۆزییەکان رزگار بکەن، بەتایبەتی ئەگەر بتوانن لە ماوەی ئەمساڵدا هەنگاوی باش هەڵبگرن و بە هاوکاری ئەمەریکا ئاییندەی خۆیان بونیاد بنێننەوە.

سەبارەت بە کوردیش، بێگومان زۆر گرنگە کورد هەوڵبدات بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەڵ عێراق رێکبخاتەوە و دژی تیرۆریستان بجەنگێت و هەوڵبدات حکومەتێک لە بەغدا پێکبهێنرێت کە ئەمەریکا پشتگیری بکات بۆ ئەوەی ئەمەریکاش بتوانێت بەڵێنەکانی خۆی لە عێراقدا جێبەجێ بکات.

**ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە رێگەچارەی کەمی هێشتۆتەوە بۆ ئەوەی بتوانرێت عێراقییەکان پێکەوە بژین و زۆر زەحمەتیشە بتوانن پێکەوە بژین، هەر ئەمەش بەو ئاراستەیەمان دەبات بیر لە دابەشکردنی عێراق بکرێتەوە**

**کورد زۆر خوازیاری سەربەخۆییە، بەڵام سەرکردایەتی سیاسی کوردستان فیدرالیزمی پەسەند کردووە، پێموایە ئەم هەنگاوەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەنگاوێکی لۆژیکانەیە و، دەبنە هاوپەیمانێکی نزیکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، بۆ ئێستای کوردیش گرنگ ئەوە نییە چی دەخوازێت ئەوە بە دەست بهێنێ، گرنگ ئەوەیە ئەوەی بە دەستت هێناوە بیپارێزێت**